# وەڵامێکی کورت

حەمەسەعید حەسەن

بەو ئەسپە شێیانەی لەگەرمەی کاردا
مێشەسەگانەیەکیان لێ پەیدا دەبێ.

چونکە لوتکەی بەرزی سەرم نەوی نابێ،
چونکە مەلی سرکی دڵم کەوی نابێ
چونکە دەستی بە خوێن سووری
هیچ سوڵتانێ ڕاناموسم
چونکە تەنیا بۆ چەوساوەکان دەنووسم
چونکە چەکی بڕوا هەرگیز
دانامالّم لەشانی خۆم
چونکە چی سامان بێ نیمەو
هیچ ناترسم لەگیانی خۆم
چونکە هەڵۆی هەڵوێستی من
جێی ژوور هەورە،
چونکە ئەوی لێی نەترسێ سەری سەختم
دەمی تەورە،
بوومەتە نیشانەی تانەی
هەندێ کەسی ڕابردوو پۆخڵ و هەرزە،
بەڵام ورەم چیایەکە
بێ پەروا لە بومەلەرزە

١٩٨٤